# 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانە

## خەباتی بزووتنەوەی ژنان لەمڕۆدا گرێ دراوە بە خەباتی چینی کرێکارەوە لە پێناو سۆشیالیزمدا

لە ڕۆژی 8ی مارسدا هەموو ئینسانێکی پێشکەوتووخواز و چینی کرێکار و ژنان ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە . ڕۆژی 8ی مارس ڕۆژی وەبیر هێنانەوەی خەبات و بزووتنەوەی ژنانە لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا لە هەمان کاتدا دەرخستنی ئەو ڕاستیە یە کە ملیارەها کەس لە ژنانی لاو و بە تەمەن لە هەل و مەرجێکی زۆر نالەباردا دەژین کە بۆرژوازی پێکی هێناوە بۆیان وە بەردەوامی دەدا بە مانەوەی وەک مەرجی مانەوەی ڕژێمی کۆیلایەتی هاوچەرخی سەرمایەداری . هەر بۆیە یادکردنەوەی 8 ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان ڕاگەیاندنی ئینسانی پێشکەوتوو خوازە لە سەر پێویستی هەڵکشانی خەبات لە پێناو کۆتایی هێنان بە پێشێل کردنی مافی ئینسانی ژنان و کۆیلایەتی ئینسان .
لە سەرانسەری جیهاندا ملیارەها ژنی لاو و بە تەمەن دەناڵێنن بە دەست بوونی هەل ومەرجی هەڵاواردن و پێشێل کردنی مافەکانیانەوە. لە شوێنی کاردا ژنان گیرۆدەی کەمی کرێن لە چاو پیاواندا بەرانبەر بە هەمان کارێک ئەنجامی دەدەن. لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی چەوساندنەوەن لە ناوماڵدا بەهۆی کاری تاقەت پڕوکێنی ماڵ و بە هۆی بوونی پیاو سالاری یەوە. ئەو واقعیەتە تاڵەی ژنان بەشێکی دانەبڕاوی ئەو هەل ومەرجەیە کە بۆرژوازی سازی کردوە بۆ درێژە دان بە تەمەنی سەرمایەداری و زیاتر کردنی هەژموونی بە سەر ژیان و گوزەرانی ئینساندا . وە لە هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی هەمان هەل ومەرجە بۆ نەوەی نوێی ژنان بە شێوەیەکی توندتر . لە ئاستی کۆمەڵگادا ژنان نەهامەتیەکی زۆر دەچێژن بە هۆی پێشێل کردنی مافە فەردی و کۆمەڵایەتیەکانیانەوە، مافەکانیان وەک هەڵبژاردنی هاوسەر و هاوڕێ ی کوڕ و پەیوەندی خۆشەویستی یا مافی جیابونەوە و پێدانی منالەکانیان و یا مافی جل و بەرگ پۆشین یا مافی سەفەرکردن و هات و چۆ یا مافی میراتگری و شایەتی دانی لە دادگادا بە ئاشکرا پێشێل دەکرێن. نەک هەر ئەمانە بەڵکو لە زۆربەی شوێنی جیهاندا دەبینرێ و دەبیسترێ کە ژنان بازرگانی یان پێ دەکرێ بە ناوی ( کۆیلەی سپی ) بە سنوورەکاندا دەهێنرێن دەبرێن و دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن جا یا بۆ ئەوەی کاریان پێ بکرێ بە کرێ یەکی هەرزان یا بۆ ئەوەی لەش فرۆشیان پێ بکرێ .
لە وولاتانی ژێر سایەی ئیسلامی سیاسیدا ژنان زۆر لە ئاستێکی نزمدا ژیان بە سەر دەبەن لەوێدا ژنان جگە لە هەڵاواردنی ئاشکرا لە سەریان ، دەبێ مل کەچی یاساکانی " خوا " ش بن ، بێ گومان ئەم یاسایانەش زۆر کۆنەپەرستانە و وەحشیگەرین کە نابێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ و قسەیان لە سەر بکرێ . ژنان نابێ نارەزایەتی و بێزاری خۆیان نیشان بدەن لە بەرانبەر پێشێل کردنی مافە ئینسانیەکانی خۆیان لە لایەن ئیسلامەوە. مل کەچ پێ کردنی ملیۆنەها ژن بۆ سووکایەتی پێ کردن و بێ حورمەتی پێ کردنیان لە لایەن مەلا و شێخ و پیاوی ئایینی و چەقۆکێشانی ئیسلامی سیاسی و سەرۆک خێڵەکان لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئیسلام تێیدا زاڵە ژیانی لە ژنان کردوەتە دۆزەخ .
لە عێراقدا کە بووەتە ناوەند و مەیدانی شەڕێکی کراوەی هەردوو باڵی تیرۆریستی جیهانی : تیرۆریستانی ئەمەریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانیان لە لایەک وە باڵی ئیسلامی سیاسی لە لایەکی ترەوە ، ژنان جگە لەوەی هەموو مافەکانیان پێشێل دەکرێن دەکەونە بەر کوشتن و تیرۆریش . شەڕی نێوان ئەم دوو باڵە بووەتە هۆی نەمانی ئاسایش بە تەواوی وە بوەتە هۆی زاڵ بوونی هێزە چەکدارەکانی ئیسلامی سیاسی

وه جەنگی تایفی و پێناسە کردنی ئینسان لە سەر بنەمای  ئایینی و تایفی ،  وه هەروەها نەمانی مافی هاوولاتی بوون و پاشەکشە پێکردنی مافەکانی ژنان بە تەواوی و خاپوور بوونی کۆمەلگای مەدەنی .
توانایی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانی خوازی ژنان لە رووی مێژووییەوە گرێ دراوە بە خەباتی چینی کرێکار و سۆشیالیستەکان لە پێناو رووخاندنی رژێمی سەرمایەداری وە لە پێناو یەکسانیدا .توانایی هەر بزووتنەوەیەکی ژنان لە کۆمەلگای ئەمرۆدا پەیوەندی هەیە بە بوونی هێزی چینی کرێکار و سۆشیالیستەکان . لە عێراقدا ئامانجی بزووتنەوەی ئازادیخواز و یەکسانی خوازی ژنان لە پێناو کۆمەلگایەکی مەدەنی و سکۆلار وئینسانی ، پەیوەستە بە توانایی حیزبی ئێمە لە گەلّ سەرجەم کرێکاران و سۆسیالیستەکان و سکۆلاریستەکان بۆ خەبات لە پێناو یەکگرتوو کردنی هێزی خەلک بۆ نەهێشتنی هەردوو بالّی تیرۆریستی جیهانی و وە بنیات نانی کۆمەلگایەکی نۆرمالّی مەدەنی. حیزبمان دووپاتی دەکاتەوە کە نابێ بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان ببەسترێتەوە بە ئاسۆ و ئامانجەکانی بۆرژوازی و بزووتنەوە ریفۆرمیستیەکانی و وە خۆشباوەر نەبن بە هەندێ لە لایەنەکانی کە بە رواڵەت رادیکالّ و کۆمۆنیستن وە لە واقیعدا دەیانەوێ خەباتی ژنان  لە پێناو یەکسانیدا بە کار بهێنن بۆ پرۆژەکانی هاوپەیمانیەتی خۆیان لە گەلّ ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیستەکان  بەو هەدەفەی کە جێگەیەکیان بۆ دا بنرێ لە نەزمی نوێ ی جیهانیدا . ئەو پرۆژانە وا دەکات لە بزووتنەوەی ژنان کە تێک بشکێت و دووریان بخاتەوە لە خەباتی کرێکاران و سۆسیالیستەکان و بیانخاتە بەردەم رێگایەکای داخراوەوە . حیزبمان دووپاتی دەکاتەوە کە تەنها چینی کرێکارە  دەتوانێ ئازادی و یەکسانی ژنان و پیاوان بە دەست بهێنێ چونکە تەنها چینی کرێکارە خەبات دەکات لە پێناو سۆشیالیزمدا وە بەرژوەندی هەیە لە بەدی هاتنیدا .
 بانگەوازی بزووتنەوەی ئازادیخوازوازی ژنان لە عێراق و جیهانی عەرەبی دەکەین کە ریزەکانیان رێک بخەن وە خەباتێکی قایمتربکەن لە بەرانبەر هێزەکانی ئیسلامی سیاسی و ئینسان کوژەکانیدا کە دەیانەوێ هەژموونی بکەن بە سەر کۆمەلگاکاندا تا ئەو دەستکەوتانەی  ژنان لە رابووردوا بە دەستیان هێناوە لێ یان بسێننەوە . نابێ بێ دەنگ بن و مل بدەن بە  ئیسلامی سیاسی کە سووکایەتی و بێحورمەتی بکات بە ئینسانی بوونی ژن دەبێ بە تووندی بدرێنە بەر رەخنە ، ژنان و پیاوان دەبێ رێک بخرێن لە بەرانبەریاندا وە لە ئاستێکی فراواندا. حیزبمان رای دەگەیەنێ کە پشتیوانی دەکات لە سەرجەم بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان وە داوا دەکات کە خەباتیان گرێ بدەن بە ئاسۆ و ئامانجەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیەوە وە بە هیوا و ئاواتی چینی کرێکارەوە لە پێناو بە دی هێنانی دونیایەکی باشتردا .

بژی 8 ی مارس رۆژی جیهانی ژنان
بژی خەباتی سۆشیالیستانەی ژنان لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق
2007-2-20